# خواردن لە بیاباندا

دەرچوون ١٦، ١٧

لە وانەی ڕابردوودا، بینیمان چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە دەستی فیرعەون و سوپاکەی. کاتێ گەلی ئیسرائیل گەیشتەنە لێواری دەریای سوور، هیچ شێوازێکی قوتاربوونیان نەبوو لە سوپای فیرعەون. بەڵام بینیمان چۆن خودا ئاوی دایە لاوە بۆیان بۆ ئەوەی بتوانن لەناوەڕاستی دەریاکەوە و لە ووشکانی دا بپەڕنەوە. بەڵام کاتێ سوپای میسر ویستی بپەڕێتەوە، هەموویان خنکان. بۆیە، لەو ڕۆژە پەروەردگار خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لەدەستی خەڵکی میسر. کاتێ هێزە مەزنەکەی پەروەردگاریان بینی، لێی ترسان و گۆرانیان بۆ ووت، (گۆرانی بۆ خوداوەند دەڵێم هێز و سروودم خوداوەندە، بووە بە رزگاری بۆم)

ئێستا لە سیپارەی دەرچوونین، کە گەلی ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدان لەنێوان میسر و کەنعان. کەنعان ئەو وڵاتەی کە خودا بەڵێنی دابوو بیدات بە باپیرەیان ئیبراهیم و نەوەکانی، تاکو ببن بە خاوەنی. ئەمڕۆ دەبینین چۆن خودا نانی گەلی ئیسرائیلی دا لە بیابان. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات چۆن خودا خۆی لە پێشیاندا ڕۆیشت، بەڕۆژ لە هەورێکی گەورەدا و بەشەویش لە گڵپەی ئاگیرکدا. شتێك بێ گومانە، ئەگەر خودا ئاگای لێیان نەبووایە و ڕێنمایی نەکردنیایە، ئەوا دەفەوتان لە دەشتایی.

با هەوڵ بدەین ئەو بارودۆخە بێنینە پێش چاومان کە گەلی ئیسرائیل کەوتنە ناوی. کۆمەڵێکی زۆر بوون — زۆر زۆر لە خەڵکی هەولێر زۆرتر بوون! بە نێو بیابانێکی ووشکدا دەپەڕنەوە بێ نان و ئاو. بیری لێ بکەوە! کۆمەڵێکی زۆر بە دەشتاییەکی خۆڵ و پڕ لە درکدا دەڕۆن! خێڵەکانی ئیسرائیل چۆن لە ژیان دەمێننەوە؟ کێ دەتوانێ لە هەڕەشەی مردن لە برسا و لە توێنا ڕزگاریان بکات؟ چۆن ئەو جەماوەرە زۆرە بە خۆیان و مێگەلەکانیانەوە نان و ئاو دەدۆزنەوە بای ئەوەندەی لە ژیاندا بمێننەوە لەو دەشتەدا؟ ئایا دەتوانن خۆیان نان بدەن؟ نەخێر! ئەی کێ دەتوانێ نانیان بدات؟ تەنها یەك وەڵام هەیە. تەنها خودا دەتوانی نانیان بدات و بیانپارێزی!

ئایا گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە خودا کرد؟ یاخود نیگەران بوون چی بخۆن و چی بخۆنەوە؟ بێ گومان دەبوایە گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە پەروەردگار خودا بکردایە. خودا زۆر شتی مەزنی بۆیان کردبوو. ئازادیانی کرد لە کویلایەتی و بەندایەتی لە ڕێگای دە پەتاکەوە. نۆبەرەکانیانی لە مردن ڕزگار کرد بە خوێنی بەرخەکان. ڕێگایەکی ووشکی بۆیان کردەوە لە ناوەڕاستی دەریاکە. وە ئێستاش لە پێشیان دەڕوات لە ناو هەورێکدا بۆ ئەوەی پێشەوایەتیان بکات تاکو بگەڕێنەوە خاکی کەنعان، هەر وەك بەڵێنی دابوو بە باپیرەیان ئیبراهیم زۆر لەوە پێش. تۆ چی دەڵێی؟ پێت وایە گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە خودایان هەبێت؟ ئایا باوەڕیان بەوە هەبوو کە خودا دەتوانێ بەڵێنەکەی بێنێتە دی؟ با بچینە ناو نووسراوە پیرۆزەکانی و وەڵامەکە بدۆزینەوە.

لە بەشی شازدەهەم لە سیپارەی دەرچوون دەخوێنینەوە، لە تەوراتی موسا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(دەرچوون ١٦) [1] دوای ئەوە لە ئێلیم کۆچیان کرد و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل هاتن بۆ (چۆڵەوانی سین) کە لە نێوان ئێلیم و (سینا)یە، لە ڕۆژی پانزەی مانگی دووەم دوای دەرچوونیان لە خاکی میسر. [2] هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدا بۆڵەبۆڵیان لەسەر موسا و هارون کرد. [3] نەوەی ئیسرائیل پێیان وتن: (خۆزگە بە دەستی خوداوەند لە خاکی میسردا بمردینایە، بۆ خۆمان لای مەنجەڵی گۆشت دانیشتبووین و بە تێری نانمان دەخوارد، ئێمەتان دەرهێنا بۆ ئەم چۆڵەوانییە تا هەموو ئەم خەڵکە بە برسێتی بکوژن.)

باشە، ئایا خێڵەکانی ئیسرائیل متمانەیان هەبوو بە خودا؟ نەخێر، نەیانبوو! بەڵکو ناڕەزاییان دژی ئەو و موسای پێغەمبەرەکەی دەربڕی. باشە، خودا چۆن وەڵامیانی دایەوە. (دەرچوون ١٦) [11] خوداوەندیش لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [12] (گوێم لە بۆڵەبۆڵی نەوەی ئیسرائیل بوو، لەگەڵیان بدوێ و بڵێ، (ئێواران گۆشت دەخۆن و بەیانی تێر نان دەبن و دەزانن کە من خوداوەند خوداتانم.) [13] ئەوە بوو لە ئێوارە سۆسکە بەرز بوونەوە و ئۆردوگاکەیان داپۆشی، بەیانیش شەونم لە دەوروبەری ئۆردوگا کەوتبوو. [14] کاتی شەونمە کەوتووەکەش بەرز بووەوە، بینیان ئەوەتا لەسەر ڕووی چۆڵەوانییەکە شتێکی وردی وەک توێکڵ، ورد وەک زوقم

لەسەر زەوییەکەیە. [15] کاتێک نەوەی ئیسرائیل ئەمەیان بینی بە یەکتریان وت: (ئەوە چییە؟) چونکە نەیاندەزانی چییە. موساش پێی وتن: (ئەوە ئەو نانەیە کە خوداوەند بە ئێوەی داوە تا بیخۆن. [31] ماڵی ئیسرائیلیش ناویان لە نانەکە نا (مەن) و وەک تۆی گژنیژ سپیە و تامیشی وەک گاڵگاڵی بە هەنگوینە.

خودا ئاوها نانی گەلی ئیسرائیلی دا لە دەشتدا، تاکو ئەو ڕۆژەی گەیشتنە خاکی کەنعان. بینیت خواردنەکە لە کوێوە هات؟ لە ئاسمانەوە هات. لەلای خوداوە هات. ئایا گەلی ئیسرائیل شایەنی ئەو خواردنە بوون کە خودا بۆیانی ناردە خوارەوە؟ نەخێر! شایەنی هیچ شتێك نەبوون تەنها سزای خودا نەبێت لەبەر ئەو هەموو بێ باوەڕی و بێ منەتییان. تەنها لەبەر بەزەیی خودا بوو کە ئەوان لە برسان نەمردن لە بیاباندا.

ئێستاش با بەردەوام بین لە خوێندنەوە با ببینین چی ڕووی دا جارێکی تر، کاتێ گەلی ئیسرائیل ئاوی خواردنەوەیان نەما. لە بەشی حەڤدەهەمین دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ١٧) [1] ئینجا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی سینەوە کۆچیان کرد بە گوێرەی کۆچەکانیان کاتێک خوداوەند فەرمانی پێ دەکردن، جا لە (ڕەفیدیم) لایان دا و ئاویش نەبوو بۆ خواردنەوە بۆ گەل. [2] جا گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسا و وتیان: (ئاومان بدەنێ بیخۆینەوە.) موساش پێی وتن: (بۆ چی دەمەقاڵێم لەگەڵ دەکەن؟ بۆچی خوداوەند تاقی دەکەنەوە؟) [3] گەل لەوێ تینووی بوو بۆ ئاو و کەوتە بۆڵەبۆڵ بەسەر موسادا و وتیان: (بۆ چی ئێمەت لە میسرەوە سەر خست، تا خۆمان و منداڵ و ئاژەڵی ماڵیمان بە تینوویێتی بکوژیت؟) [4] ئیتر موسا هاواری بۆ خوداوەند کرد و وتی: (چی لەم گەلە بکەم؟ پاش کەمێکی تر بەردبارانم دەکەن.) [5] خوداوەندیش بە موسای وت: (لە پێش گەلدا بڕۆ و لە پیرانی ئیسرائیل لەگەڵ خۆتدا ببە و ئەو گۆچانە کە لە نیلتدا پێی لەگەڵ دەست ببە و بڕۆ. [6] ئەوەتا من لە پێشت لەوێ لەسەر ئەو تاشە بەردە لە حۆریڤ وەستاوم، لە تاشە بەردەکە دەدەیت و ئاوی لێ دەردەچێت و گەل دەخۆنەوە.) موساش وای کرد لەبەرچاوی پیرانی ئیسرائیل. بۆیە، گوڵپەیەکی مەزنی ئاو هەڵقوڵا لە بەردەکەوە بەناو بیاباندا و هەموویان دەستیان بە خواردنەوە کرد، خۆیان و مەڕوماڵاتیان.

با لێرە ڕاوەستین و هەندێك بیر بکەینەوە لەم چیرۆکەی دەیخوێنینیەوە ئەمڕۆ. لەپاش ئەو هەموو شتەی خودا بۆ گەلی ئیسرائیلی کرد، ئایا باوەڕیان پێی هەبوو؟ ئایا دڵیان پڕ بوو لە ستایش و سوپاس گوزاری لەبەر ئەو هەموو شتەی بۆیانی ئەنجام دابوو؟ نەخێر! متمانەیان بە خودا نەبوو. لەباتی ئەوە بۆڵەبۆڵیان دەکرد و دژ بەو خودایە قسەیان دەکرد کە لە زۆر زۆر مەترسی ڕزگاریانی کردبوو.

ئەی خودا چی کرد؟ پەروەردگار خودا، بە ئارامی و چاکی خۆی نان و ئاوی پێیان دا لە بیاباندا. ئەی باشە گەلی ئیسرائیل شایەنی چاکەی خودا بوون؟ نەخێر! تەنها شایەنی دادوەری خودابوون. ئەی باشە بۆچی خودا چاکەی خۆی پێیان نیشان دا؟ لەبەر ئەوەی خودا دڵسۆزە و بەبەزەییترینە. ئەو خودایە، دڵسۆزترین خودایە، بەبەزەییترین خودایە. وە لەبەر بەزەیی خۆی، نان و ئاوی بۆ گەلی ئیسرائیل دابین کرد، هەرچەندە ئەوان گوناهباری بێ منەت بوون! ئەگەر ڕزگاربوون لە برسییەتی و توێنیەتی پشتی بە چاکە و شایەنی خودی خەڵك بوایە، ئەوا بێ گوومان خودا وازی لێیان دەهێنان لە برسا بمرن لە بیابان.

هەروەها دەبێت بزانین کە خودا ئەوانی نەپاراست تەنها لەبەر بەزەیی خۆی، بەڵکو لەبەر پاراستنی ووشەی خۆی. خودا دڵسۆزە بەرامبەر هەموو بەڵێنەکانی خۆی – وە پێشتر بەڵێنێکی گرنگی دابوو سەبارەت بە گەلی ئیسرائیل. هەروەك فێربووین، خودا بەڵێنی دابوو کە هەموو نەتەوەکانی جیهان بەرەکەتدار بکات لە ڕێگای نەتەوەی ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی دەبوایە پێغەمبەران و نووسراوە پیرۆزەکان و ڕزگاری دەری جیهان لەنێو ئەواندا بهاتبایە. بەڵێ، خودا دڵسۆزە و پڕە لە بەزەیی! خودا خودای ڕاستی و خودای خۆشەویستییە. بێ گومان خێڵەکانی ئیسرائیل شایەنی خۆشەویستی خودا نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێ بە گوێی خودایان نەکرد و دژی قسەیان کرد، خودا دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆی سەلماند بە خودارن پێدانیان لە ئاسمانەوە.

ڕەنگە هەندێك بپرسن، (چیرۆکی گەلی ئیسرائیل چ بەهایەکی هەیە بۆ ئێمە ئەمڕۆ؟) ووشەی خودا دەفەرموێ: (جا ئەم شتانەیان وەک پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە.) (١ کۆرنسۆس ١٠: ١١) چۆن خودا نەوەکانی ئیسرائیلی لە هێزی بیابان ڕزگار کرد، بە هەمان شێوە خودا دەیەوێ هەموو نەوەکانی ئادەم لە هێزی گوناه ڕزگار بکات.

ئایا گەلی ئیسرائیل دەبوایە چی بکەن بۆ ئەوەی نەفەوتێن لە بیاباندا؟ بەئاسانی دەبوایە ئەو خواردنەی خودا لە ئاسمانەوە بۆیانی باراند خڕ بکەنەوە و بیخۆن. ئەی لە کوێوە ڕزگاربوونەکەیان بۆ هات؟ ئایا بە ماندووبوونی خۆیان بوو؟ نەخێر! ڕزگاربوونیان لە ڕێگای خوداوە بوو. ئەوان هیچ هێزێکیان نەبوو خۆیان ڕزگار بکەن لە برسییەتی و مردن. هیچیان پێ نەکرا جگە لەوەی ئەو خواردنە خڕ بکەنەوە و بیخۆن کە خودا لە ئاسمانەوە بۆیانی نارد.

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات کە ئێمە هەموومان گوناهبارین وەك نەتەوەی ئیسرائیل و هیچ توانایەکی ڕزگارکردنی خۆمان نیە، نە لە هێزی گوناه ونە لە دادوەری ڕاستودرووستی خودا. ڕەنگە ئێمە بە ناو بیابانێکی ووشکدا نەڕۆین وەك گەلی ئیسرائیل، بەڵام سێبەری مردن هێشتا لەسەر سەرمانە وەك چۆن لەسەر ئەوانیش بوو. ووشەی پەروەردگار ڕوونە: هەر کەسێك شێوازی ڕزگاربوون کە خودا دابینی کردووە ڕەت بکاتەوە، ئەوا دەمرێت لەناو گوناهەکەیدا و دەکەوێتە ناو ئاگری تاهەتایی دۆزەخ. ئەمانە بیری خۆش نین. مردن لەناو گوناه! ڕوو بەڕووی دادوەری ببەوە! بۆ ناو دۆزەخ! ئەمانە مأساتی زۆر ناخۆشن! بەڵام، مزگێنی خۆش ئەوەیە کە کەس نابێت لەناو گوناهدا بمرێت. هەروەك چۆن خودا نانی ئیسرائیلیەکانی دا بۆ ئەوەی بژین و نەمرن لە برسا لە دەشت و کێو، بە هەمان شێوە خودا (خواردنی) پێمان داوە بۆ ئەوەی بەرەکەتدار بین لەم ژیانە و تاهەتا لە ژیانی پاشتر!

ئەو (خواردنە) چیە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشی؟ ئایا دەتوانین لە بازار خواردنێك بکڕین کە بتوانێ ئەو هێزەمان بداتێ بژین تاهەتا لە حزووری خودا؟ نەخێر! خواردنی وا نیە لە بازار! ئەی باشە ئەم (خواردنە) چیە و لە کوێیە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشی؟

دەبێت بزانی کە پاش نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵ لەپاش ئەوەی گەلی ئیسرائیل گەزۆیان خوارد لە بیابان، خودا ڕزگاری دەرەکەی ناردە خوارەوە، ڕزگاری دەری جیهان. ئەو ئەو (خواردنەیە) کە خودا دابینی کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی جیهان ڕزگار بکات لە هێزی گوناه و مردن و دادوەری و دۆزەخ. با بخوێنین و بەوریایی بیربکەینەوە سەبارەت بەوەی ڕزگاری دەرەکە خۆی فەرموویەتی کاتێ لەسەر زەوی بوو. فەرمووی، (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەیە. منم نانی ژیان. باوکانتان لە چۆڵەوانی‌دا مەنیان خوارد و مردن. ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، تاکو ئەوەی لێی بخوات نەمرێت. منم ئەو نانە زیندووەی کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە... ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.) (یۆحەنا ٦: ٤٧–٥١، ٣٥)

لە وانەی داهاتووماندا، دەست بە بینینی ئەوە دەکەین چۆن خودا دە ڕاسپاردەکەی دا بە ئیسرائیل.


خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەوردی سەرنجی ئەوەی کە ڕزگاری دەرەکە ڕایگەیاند، فەرمووی، (منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.) (یۆحەنا ٦: ٣٥)

## ڕێگای ڕاست و دروستی:
## وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. خێڵەکانی ئیسرائیل چۆن لە ژیان دەمێننەوە؟ کێ دەتوانێ لە هەڕەشەی مردن لە برسا و لە توێنا ڕزگاریان بکات؟ چۆن ئەو جەماوەرە زۆرە بە خۆیان و مێگەلەکانیانەوە نان و ئاو دەدۆزنەوە بای ئەوەندەی لە ژیاندا بمێننەوە لەو دەشتەدا؟

٢. ئایا دەتوانن خۆیان نان بدەن؟ ئەی کێ دەتوانێ نانیان بدات؟

٣. ئایا گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە خودا کرد؟ یاخود نیگەران بوون چی بخۆن و چی بخۆنەوە؟

٤. تۆ چی دەلێی؟ پێت وایە گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە خودایان هەبێت؟ ئایا باوەڕیان بەوە هەبوو کە خودا دەتوانێ بەڵێنەکەی بێنێتە دی؟

٥. خواردنەکە لە کوێوە هات؟

٦. ئایا گەلی ئیسرائیل شایەنی ئەو خواردنە بوون کە خودا بۆیانی ناردە خوارەوە؟

٧. لەپاش ئەو هەموو شتەی خودا بۆ گەلی ئیسرائیلی کرد، ئایا باوەڕیان پێی هەبوو؟ ئایا دڵیان پڕ بوو لە ستایش و سوپاس گوزاری لەبەر ئەو هەموو شتەی بۆیانی ئەنجام دابوو؟

٨. بۆچی خودا چاکەی خۆی پێیان نیشان دا؟

٩. ڕەنگە هەندێك بپرسن، (چیرۆکی گەلی ئیسرائیل چ بەهایەکی هەیە بۆ ئێمە ئەمڕۆ؟)

١٠. ئایا گەلی ئیسرائیل دەبوایە چی بکەن بۆ ئەوەی نەفەوتێن لە بیاباندا؟

١١. ئەی لە کوێوە ڕزگاربوونەکەیان بۆ هات؟ ئایا بە ماندووبوونی خۆیان بوو؟

١٢. ئەو (خواردنە) چیە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشی؟ ئایا دەتوانین لە بازار خواردنێك بکڕین کە بتوانێ ئەو هێزەمان بداتێ بژین تاهەتا لە حزووری خودا؟